# نا بۆ دەستوورەکەتان

گۆران محەمەد

لە هەر یەك لە بەنگەلادیش، هیندوستان، پاکستان، ئیندۆنیسیا و سریلانکا کە بە حیساب زۆریان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و هەندێکیان لە ولاتە ئیسلامییەکان دێنە ژماردن، چەندین جار و تا ئێستاش، ژن سەرکۆمار و سەرەکوەزیران بوون، تۆ لەوە گەڕێ کە یەك ولاتی عارەبی، بەوانەش کە لە رووی ئابوورییەوە پێشکەوتوون و حکوومەتی ئەلیکترۆنییان هەیە، یەك ژن ئەو پۆستانەی بە خەونیش نەدیتوون و لە زۆر لە ولاتانی عارەبیدا ژن هێشتا عەورەت و مایەی شەرمەزاریی و خاڵی لاوازییە، ئەی دەبێ لە عێراقی مەلا سیستانی و لە سایەی دەستووری بە ویستی وی نووسراودا دوارۆژی ژنان بە کوێ بگات؟ حکوومەتی کوردستانیش لە بەر رۆشنایی دەستووری بە حیساب پڕدەستکەوتدا حکوومەتێکی لەشەرعلادەرە، ئەها بە پێچەوانەی حوکمەکانی شەرعەوە هاتووە ژنی وەك دادوەر دامەزراندووە.! ناشوکری بێت زۆرینەی ژنانی نێو حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانیش خەڵکانی ناچالاك و جاریێ کۆیلەی پیاوانن، هیوایەك بە راوێژکاری پرسی ژنان هەبوو کەچی ئەویش لە گەرمەی نووسینەوەی دەستوور و خنکاندنی ئازادی و ژناندا سەرقاڵی (مەرگی عەشق و پرسەی خۆشەویستی...) نووسینە.

لەو ولاتانەی ئایینی فەرمی تێیاندا بوودایی، جوو و تەنانەت زۆربەی ولاتانی ئافریکا کە هێشتا ئایینێکی دیاریکراو یان ناسراویان نییە و زۆریان هەر ئاییلێسن، لێ لە روانگەی قەدرگرانیی مرۆڤەوە دانیان بە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا ناوە، کەچی دەستوورەکەی ئێوە چونکە ئەلف تا یای بەندە بە حوکمەکانی ئایینەوە، بۆیە ناتوانن دان بە جاڕنامەی ناوبراودا بنێین، شایەنی باسە سەددام حوسێن ئەگەرچی مرۆڤکوژێکی بێوێنە بوو، کەچی تەنێ بۆ ریکلام، عێراقی سەردەمی وی یەکێك بوو لەو ولاتانەی جاڕی گەردوونی ماف مرۆڤیان پێپەسەند بوو.

چەند رۆژێکە شیعە سەدری و حەکیمییەکان لە سەر دەستوورەکەی خۆیان شەڕیانە و شەڕەکەش بێ خوێنرشتن نەبووە، ئەرێ بەڕاست ئەوان کە خۆیان بابای دەستوورەکەن وا بە ئاسانی تێکوەردەبن، ئەدی دەبێ سبەی لە بەرامبەر ئەو چەند خاڵۆکە (بچووکراوەی خاڵ یان بەندە، مەبەست لێی بەهەندهەڵنەگرتنە) شەرمنەی بۆ کورد نووسراونەتەوە چ هەڵوێستێك و چ وەفایەکیان هەبێت؟ ئێمە گەرەکمان بوو لە دەستی سەددامی خوێنڕێژ رزگارمان بێت کەچی بە دەستی خۆمان چارەنووسی خۆمان داوەتە موقتەدای هەرزە و حەکیمی بێحیکمەت، ئەوە خێرە ئەو عێراقییە رەسەنانە بە قسەی هەرزەیەك ئامادەن ولات خەڵتانی خوێن بکەن، کەچی کوردی ناڕەسەن (مەبەست لە رووی عێراقی بوونەوەیە) لە پێناو ئارامی عێراقدا بۆ دەستبەرداربوون لە ماف رەوای بەدەوڵەت بوون هێندە شلن؟

مەلا سیستانی گوتی خەڵکینە بچن دەنگبدەن، هەموو شیعە (بە زۆرینەی شیعەی کوردیشەوە) مێگەلئاسا دەنگیان بۆ ئیئتلاف دا، پاشان لە سەر خواستی هەمان مەلای ئێرانی فشەدەستوورێك بۆ عێراق نووسرا کە لانی کەمی خواستەکانی کوردی تێدانییە، دواجار ئاغای سیستانی فەرمانی داوە کە دەبێ هەمووان وەك هەوەڵجار دەنگ بۆ دەستوورەکەی بدەن و بێگومانم کە یەك دانە شیعەش لەو فەرمانە دەرناچێت. لەم مێگەلستانەدا پێم سەیرنییە ملیۆنەها گوێ بۆ فەرمانی یەك دەم هەڵخرا بێت، بەڵام ئەوەم پێ سەیرە کە دەنگی ملیۆنەها کورد بە هیچ ناگاتە گوێی سەرکردەکانمان.